ئەمشەو لە هەولێر و دهۆك و كەركووك پێشبینی بارانی بەخوڕ و تەرزە دەكرێت

شارەزایەكی كەشناسی پێشبینی دەكات، ئەمشەو سێشەممە لە سنووری پارێزگاكانی هەولێر و دهۆك و كەركووك بارانی بەخوڕ و تەرزە ببارێت.

هەڤاڵ سدیق گەڵەزی شارەزای كەشناسی دەڵێت "ئێستا هەورەبروسكەی چڕی باراناوی داخیل بۆ ناوچەكانی ڕۆژئاوای هەولێر و باشووری دهۆك و باكوری كەركووك بووە".

دەشڵێت "پێشبینی دەكرێت لە كاتی چڕبوونەوەی هەورە كەڵەكەبووەكان، تاوەبارانی بەخوڕ و هەورە بروسكە و تەرزە هەیە" .

هەڤاڵ سدیق گەڵەزی لە كاتێكی دیكەدا ئەمڕۆ سێشەممە ڕایگەیاندبوو كە پێشبینی دەكرێت لە زۆربەی ناوچەكانی هەرێمی كوردستان باران بە بڕ و لە كاتی جیاوازدا ببارێت.